# قاله مەڕه ؛

# ئەو شمشاڵەی خەمی هەموومانی دەژەنی!

نوسینی : جەمال غەمبار

ماڵم تەنیا و ، دڵم تەنیا و ، ڕۆحم تەنیایه به بێ تۆ

ئاسمانی من چۆڵەوانیی و خۆرم هەڵنایه به بێ تۆ

دوای کۆچی تۆ ئەستێرەم بێدەنگ و

تریفەم خامۆش و

هەموو ڕۆژێک قەڵەم فرمێسک ئەنوسێ .

دوای کۆچی تۆ ، هەموو بەیانییەک گوڵی مەراقێ له ئینجانەی

ماڵ به ماڵی نیشتمانه غەریبەکەمدا ئەپشکوێ !

بۆ بێدەنگیت ئەی شمشاڵه غەمگینەکەی ڕۆژ هەڵاتم

بۆ خامۆشیت ئەی بارانه سپیەکەی خوا ، ئەی خەمژەنەکەی وڵاتم!

* * *

سڵاو ئەی ئەو شمشاڵه غەریبەی

بەر له کۆچت ، خەمی هەموومانت ژەنی!

سڵاو ئەی گەڵای وەریوی خەزانەکەی کوردەواریم.

سڵاو ئەی میوانه ڕۆح سپیەکەی تەنیایی من

پەلەی چییت بوو ، لەم زەمەنی بێ وڵاتیی و

لەم سەحرای چۆڵی غوربەته و

لەم ئێوارەی تەمەنەدا بۆ جێت هێشتین ؟

* * *

تۆ لەبەر پەنجەرەی حەسرەتا هێشتا خەریکی خوێندنەوەی

خەمەکانی نیشتمان بویت ،

هێشتا دڵت لای " بۆکان " و

هێشتا باڵندەی خەیاڵت لە باخچەکانی میهرەبانیدا هەڵئەفڕی ،

هێشتا لە سەرەتای گێڕانەوەی حیکایەتی عیشقدا بویت

کەچی بای هەواڵێک هەڵی کرد و

دیواری ئومێدی ئێمەی ڕوخاند و

چرای بەختەوەریی ئێمەی کوژاندەوە .

هەواڵ وەک قاسیدێک وتی :

شمشاڵێک مرد ،

هەرچی گۆرانیی ئەم وڵاتە هەبوو

بۆ پرسەی ئەو

قردێلەی ڕەشی خەمێکیان دا لەسەریان.

شمشاڵێک مرد ،

هەرچی ئاوازی غەمگینی " سابڵاخ " هەیە

لەگەڵ " ماملێ " بە بێدەنگیی بۆ ئەو گریان.

ئەم شمشاڵە ڕۆژانێک بە لێوی نیشتمانەوە سۆزی لێ ئەتکا

ئەم شمشاڵە کە مەست ئەبوو دڵی پڕ ئەکردین لە خۆی ،

سینەشی پڕ ئەکردین لە نەسیمی بەیانیانی ئەوین !

کەچی لە سەفەرێکی ناوەختا

بە جێی هێشتین ئەم شمشاڵە !

کەچی لە شەوی میحنەتێکدا

تەنیای کردین ئەم شمشاڵە !